

# خولیای ژیان

هەندەبێزار بووین
نازانین چ پێناسەیەک بدەینە ژین
خەریک بوو ببین بە گەوجەی شار
بۆ سرەوتە بانگدەر..؟
توخبی مردنمان پچڕاند
نەتانهێشت..!
کە ژیانمان دیاریکرد
گۆڕتان کردەماڵمان
ئێستاش لە ووشەیەکی
سەرخۆش و قێزەون
هیچی ترتان لێ نابێتەوە
لەفیشەکێکی
سەرپۆشراوبەسەرمایە
هیچبوونی‌ترتان نیە
کارمان چلێسی نەبوو

**خوانەشمان..**
**جگە تاڵدانێکی ڕەش و..شلەی خوێن...**
**برنجی شارێکی زەبەلاح**
**پڕین و کوژتن گوزارشتەکانی بێ!.**
**لەژین وردبووینەوە**
**کەبەخۆمان گوت مردار،**
**چەندین جاریش نۆرەی مردنمان هات!**
**هینمان نەبوو!**
**ناسیاوی مشەخۆرنەبووین**
**پێش یاریکردن دۆڕابووین**
**بەڵێ ئێمەتان کرد**
**بە گۆشتی پاشماوە لەبەردەم سەگەتۆڕیەکان**
**ڕێزەکانی ئێوە چ سندانێکە ؟!**
**ئای ڕونی ئاسمان..**
**خەونێکی نێو مندڵدانی دایکمانە**
**نەک گوتەی جاسوسەکان**
**کە ئێمەیان کرد بەحەمباڵی گوللەو قانونی لاستیک**
**ئێستا زانیمان ژیان**
**جووت بوونی**
**ڕۆژمێرێکی بێکات و ئەلقەیەکی بێ مارەییە.**

**italia-salac.(sa) 25/12/2002**

## ژیری خەم

**بە ئەندازەی نازانم**
**خۆشم دەوێی**
**چاوت فێرەمەی کردم**
**بۆلێم ووندەبێ؟**

سەفەر
زستانەوپەروا
سەرگەردانیم
بێمنەتی گەمژەوگەندەڵە
لەکوێ‌هاتی‌ودەڕۆی..؟
دەریاکان‌ئازادیان‌بەتەنیاییدا
ژینیش‌درۆیکردەمیوان!
لەتابلۆیەکی خوێناوی
هیچی ترم‌لەجیهان‌نەدی
بێعارترلەمرۆڤ وەفات‌خنکاند!
سەفەری‌ئازارنیشتە
لەم بێرونەچ حاڵەوشیعران بۆخاچ!
خەونەکانیش بێبەڕائەت‌وخەو.
کەسێ نیە!؟
بەخۆشی‌بمکڕێ
لەدوا ڕۆژانی نوح
سەفەران‌مەڕۆن
لەکەناری‌ماڵئاوایی‌شار..
هەمووبۆخەم
خەمیش‌بۆهیچ.

**italia-polla(sa)20/01/2003**

## ئامێزێک بۆدەریا

دەریا هەموودووری‌لەخۆگرتوە
فڕینی‌ئەوین
بەلێوارە وشکاوەکیەکان
لەم‌دیوەی‌سروشتە

بەکەشتیەکی فڕێندراو
تۆم بەوتاشەبەردانەقرغدەکرد.
تادرەنگ ئامێزم بۆشەپۆڵوالاَبوو.
کەچی تۆ دوور دەکەتیەوە
ئەمە زیاترنیە
لەسێبەری ڕۆژێکی شەکەت
هەمووخەونەکانم قەساس کرد
ئافرازی تۆشم لەوبەری کەناروونکرد.
ئەمەچ حەشاماتێکە
بەبەرزی ئاسمانەوەماچ دەبارێ
کەچی بۆموتفەڕک تەڕنابم ..!
هاوارێکەلەحەژمەت
ئاوازی ماسیەخەساوەکان.
ئەمانەم
لەنێوبیرەوەریەکی تۆداتۆمارکرد
تۆشم لەنێوگوڵدانێکی میهربژارکرد
ئێستاوەرزی من
گوڵوەرین وماچ تۆرانە
دڵزیندانەوچاوی تۆی تیابەندە
منش بەندەیەکی ئەوچاوەم
سەرجەم ئەوانەش بەندی مەرگن
مەرگ.

**14/02/2003.italia-polla(sa)**

## شەوێکی دۆڕاو

هەمیشە خەونەکانمان دەسوتێنن
گوڵەکانمان دەکوژن وهێلانەکانمان دەڕوخێنن

گۆرانیەکانمان دەپچڕێن وئاوازەکەمان تێکدەدەن
ئای ئەمە چ فەزایەکی بێ باکە
دڵمان دەکەن بە گوفەکخانەو..
ئاوەکەمان دەکەن بە خوێن و..
جەستە بریندارەکەمان دەنێرنە دۆزەخێکی ئەبەدی..
لەم دنیا سەرمەستە بەهارەکانمان دەکەن بە پایزێکی
دۆڕاو..
کەمەلەکانمان دەکوژێ..
فریشتە نورانیەکەمان دەکا بە شەیتانێکی نەناسراو..
ئای ئەمە چ دەریایێکی سەرشێتە..
نەکەشتیمان دەناسێتەوە..نەلێمان دەگەڕێ..
ڕێگانە پیوەکان ئاوانە خوازی مردنمانن..!!
تەمەن لایە لایەی دایکێکی بەجێماوبوو..
بریای نەبوونمانین!
زمانە شوشەییەکان دەماندوێنن..
لەبەڕائەتی کڕنوشداشەوەکان ئاشت بوونەوە..
هاوسێیەتیمان لێکترازا..
ئێمەش بزری ئەشێکی بێ زەنگین..
لەسوچی بێڕەحمانە گرەوی توانەوە دەکەن..
دەرگا بەسەر چۆڵایی واڵادەکەن و..
بێدەنگانیشمان پێ دەسپێرن
وەک ئێوە ژوورێکی بێ سۆزمان ناوێ..
لەتێنووسی ئەم ئازارە خول دەخۆین..
سەد ئاگا بە خۆڕای وەرەنجەڕمان
سووتائەمشەو..!!!

**08/04/2003 Italia-Polla(Sa)**

سۆزی مەزن

ئەمڕۆ ڕۆژ سرودی
سەرکەوتن..
بۆ ڕەنگەکان دەچڕێ
ئاسمانیش بەبارانێکی تەزیو
خاکە بریندارەکەم تیماردەکا..
پەپوولەکانیش ئاهەنگی بوون
بۆ گوڵ دەگێڕن.
ئەشکیش بۆتە
تابلۆیەکی تازە لەدایک بوو
بە شەقامی شارە سووتاوەکەم
پیاسەی ئازادی دەکا..
منیش ئەم ساتە جوانە
بەخەندەوە ئاڵای کوردستان
لەدڵ و گیانم..
دەنەخشێنم.

**14/04/2003-Italia-Polla(Sa)**

**هەژار خۆشناو پێشتریش (هەژار شەعبان)**